# وەڵامێک بۆ ئەوانەی کاتی خۆیان بەجنێودان بەخەڵک پڕ دەکەنەوە

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ماوەی ساڵێک دەبێ، سایتی "کوردستانپۆست" ناو، شاڵاوێکی جنێو و تیر و تەشەری لە ئاست من دەست پێ کردووە و، لە بڵاوکردنەوەی هەرچی درۆ و بوختانێکی ناڕەوا هەیە نەسڵەمیوەتەوە. هەرچەندە رانەهاتووم وەڵامی جنێو بدەمەوە و، کاتی خۆم بە شتی لابەلاوە بەفیرۆ نادەم، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم جارە هەموو سنوورێکیان بەزاندووە بۆیە دەمەوێ لێرەدا ، ئاگەداری خوێنەران بکەم و بڵێم ئەوەی لەم سایتەدا لە دژی من بڵاوکراوەتەوە هەمووی برێتییە لە جنێو و هەڵبەستنی ناڕەوا و، تەنیا بۆ لەکەدارکردنە و هیچ پێوەندییەکی بەڕاستییەوە نییە. لە هەمان کاتیشدا گرەو لەگەڵ هەموو ئەو ناوە خوازراو و دەمامکدارانە دەکەم ئەگەر بچووکترین بەڵگەیان بۆ ناشیرین کردنی رابردووی سیاسیی من، یان ژیانی ئێستای کەسانیم هەیە، با بیخەنە ڕوو و سڵ لە هیچ نەکەنەوە.

خاوەن و بەڕێوەبەرانی سایتی ناوبراو ناناسم، تەنانەت ناویشم نەبیستوون. لەبەرئەوە باوەڕ ناکەم هاندەر و کینەیەکی کەسی لە ئارادا هەبێ. تەنیا دوو ئەگەر هەیە، یان ئەوەتا لایەنێکی سیاسی هانی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە چەپەڵانە دەدا و پشتیوانەی داراییی بۆ دابین دەکات، یان ئەوەتا هەندێک لەو کوڵەبنە و مێشک بچووکانەی کە لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا شوێنێکیان دەسگیربووە و، چاویان بە سەرکەوتن و خزمەتەکانی من هەڵنایە، لە پشت ئەم کارە دزێوانەوە بن و دڵی خۆیانی پێ سارد بکەنەوە. دووریش نییە هەردوو لایان بەیەکەوە و هاوکاربن لەم پرسەدا . بۆ من هەندێک شت ئاشکران، بەڵام ئەوە ناهێنێ ئاماژەیان بۆ بکەم لەبەرئەوەی بیرکردنەوە و کاتی من بەپڕۆژەی بەسوود بۆ وڵات و میللەتەکەم تەرخانە و هەلی ئەوەم نییە بەربەرەکانەی کەس بکەم. تەنیا یەک وەڵامیشم هەیە بۆ ئەوانەی کاتی خۆیان بەم جۆرە هەڵسوکەوتە بێزەوەرانەوە پڕ دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە:

"هیوادارم هەر بەردەوام  بن لەو رێبازەی گرتووتانە. چونکە بەمە دووریی نێوانمان زیاتر دەبێ. ئێوە چەندی زیاتر جنێو دەدەن، من زیاتر بیر دەکەمەوە چۆن خزمەتێکی تازە و شایان پێشکێش بەگەلەکەم بکەم. دواجار خەڵکیش بۆیان دەردەکەوێ من کێم و ئێوە چین. مێژوو، مرۆڤی خوێڕیلەی دەمامکدار ناینووسێتەوە"

بۆ گەلی کورد یەکەم جارە بوار بۆ ئازادیی کاری راگەیاندن دێتە پێشەوە، هەق نییە ئەوانەی سایت بەڕێوە دەبەن، ئەو ڕووپەڕ و ماڵپەڕە جوانانە بکەن بەدیواری ئاودەستخانەی مزگەوت و شاراوەییی ناویان بکەن بەدەرفەت بۆ ناوزڕاندنی هەر کەسێک کە کەیفیان پێی نەیەت. با منیش نەیانناسم، خەڵکێک هەر هەیە بیانناسێ و ڕۆژێک بێت ئاشکرایان بکات. بەڵام ئەگەر ئەوان حەز دەکەن ناویان بچێتە ناو زبڵدانەوە ئەوا سەد جار پیرۆز و موبارەکیان بێت.